# گەڵاڕێزانی ئەستێرە

* گەردۆ کاروان *

# پێشکەشە بە :

* چاوانی شاعیری شەیدای بەختەوەری
* مەلا حەمدوون *ی مامی دایکم *
* نەغمەی ئاسمانی سەی عەلی ئەسغەری کوردستانی *
* سۆز و ئاهی دەنگ و دەفەکەی دەروێش عەبدوڵڵا *
* سەحەرو گوڵ ڕەنگەکەی «سیوە»ی ئەستێرە گەشە *
* تاری گەرووی «مەلا کەریمی» ئەویندار *
* گیانی هەردوو برای جوانەمەرگم خزمەت گوزاری نەوەی نەتەوەکەیان مامۆستایان برایم فەرەج و سمایل فەرەج *



چاوم
ئەستێرەی دڵتانە
پەنجەم
درەختی سەرتانە
قەڵەمەکەم
سروودێکە
بۆ خەمی کێڵگەی تەمەنتان
لە دایك بوو
سرووەی شیعرم
شمشاڵێکە
لە پایزی زامێکتانا
ئێشك گرتوو

گیانم
تەمەو
بەرگی بەهاری پۆشیوە
دەروێشێکە و
بادەی ئەوینی نۆشیوە !...

کوردۆ کاروان

دوو ووشە بۆ سەرەتا

دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوول

کێ ئەم چەشنە ئینسانە ، هێمنە ، رۆح سووکە ، بێ وەیانەی خۆش ناوێ کە وەلێ پەپوولە بەناو گولزاری ژیاندا دێن و دەچن ، دەمێك ئازار ئەکەن بە ئاگر و دەمێك بالی نەخشینیان دەکەن بە گەشەی ژیان .

بەلێ ، هەرچەند ئەم شاعیرە لاوە ئەبینم کە بە دل و گوێ ، بە تەوازوعی نەوەی جارانە وە ئەیەوێ سوود لە شاعیران و نووسەرانی پێش خۆی ببینێ ، ئەو دیمەنەم دێتە بەرچاو.

شاعیر خۆی و چەند چمکی بە تینی پێوەندی رەگە قوولەکانی ئەم شارە کە بە یەکترەوانەوە ئەبەستێ ، ئینجا شیعرە ناسکەکانی پالم پێوە ئەنێن کە ئەم چەند دێرە بنووسم . ئەوەش ئەزانم کە نە ستایش بایی ئەکات و نە رەخنەش ساردی ئەکاتەوە ، یا ئەیخاتە سەرباری هەلچوونی دوور لە سنوور :

لە چاوەکانما .. منالێك
بانگی کردم
هەنگاوم هەڵهێنا بچم
کەوتمە زامێکی قووڵەوە
سەرم ! هەڵبڕی کە ڕوانیم
وێرانەی دڵەکەی خۆمە !

بەلام دڵی شاعیر هەمیشە هەروا وێران نی یە ، بەڵکو زوو ئەو تاوە پڕ لە ڕەش بینی و نائومێدی یە بەسەر ئەچێ و شاعیر جۆرە سروودێکی تر ئەڵێ :

سنەوبەری بالای دەستم ..
منارەی تابلۆی دڵتانە
ئاو زەنگی ڕەشەبایەکە ..
حەیرانی ناختان بۆ دەڵێ
لە نیوەڕۆی تەمەنتانا
تۆفانێ هات
گۆمی شەوی گرتە بە باوەش و مەمکیەوە
ڕێگاکان بخەنە سەرپشت
خەونێکی ئاڵ
لەسەر باڵی ئەستێرەیەك

بوو بە سەنگەر

شاعیر وێنە بە دوای وێنەدا ئەمانهێنێ، جارێ هەر ڕەشەباو گرمەی هەورە:

بگرمێنە .. بگرمێنە
بانهێنیەکانی ڕووبار .. دڵنیابن
فریشتەکە
چرای خۆری هەڵکردەوە

کە شاعیر جیهانی وا ڕووناك کردەوە، دڵی خۆشی هێمن ئەبێتەوەو وێنەی ئاسوودەیی و هێمنی و ئاشتی نەخشە ئەکێشێ، کە وێنەی ڕاستەقینەی دڵی خۆیەتی:

کۆترەکانیش .. گەڕانەوە
بۆ ناو هێلانەی .. چاوانم

شاعیر ئەیەوێ لە ناو ئەم کێشەی ئازار و خۆشی، ماتەم و گەش بینی یەدا، ئاسۆیەکی فراوان بۆ بیر و ئاواتی خۆی، نەخشە بکێشێ، کە دیارە بەو فراوانی یە تەمێ ماتەمیش لا ئەدا:

زەنگی هەناسەی شەپۆلێك
.. نیوەڕۆیەك
بانگی کردم

خۆر سەرینجی دا لە چاوم
زانیم دەیەوێ تیژ بگریم
پوولەکەکانم بوون بە باڵ
بەرەو باوەشی ئەستێرە
چەتری ئاسمانم گرتە بەر

با دێڕ بە دێڕ دوای ئازاری ئەم شاعیرە لاوە بکەوین ، ئازاری خۆیەتی ، ئازاری مرۆڤە ، دوور نی یە لە هەموو سەختی و پەشێوی ڕۆژگارەوە ، بەڵام ڕێگا نادات کە تاریکی ببێتە دیمەنی ژیان و ئاسۆی بیری :

ئەم خەو سووکیەم
هەڵهەلەی ڕووباری شەوە
حیکایەت خوانی بارانە
شەپۆلی .. دەنگێکی دوورە
لە هەندەرانی بریینما
کە دەی بیستم
بیابانی شەختەی تەنیاییم
باوەش بۆ خۆر دەگرێتەوە .

هەر بە هێمنی ـ ئەم هاوتای ئازار و خۆرە ، ئەم بەرەو ئاسۆ چوونە ، ئەوکا بە دێڕی هەڵبەستی

مێژوو و خاك ، لە لایەك ڕابوردووی خاك و نەتەوە ئەبەستێ بە مرۆوە و لە لایەك تینی هەڵبەستی ئەمڕۆ لە جوانیی دوێنێ و لە نیشانە بەرزەکانی عەشق و شیعری نەتەوە وەرئەگرێ :

کاتێ بەفر ئاوێزانی لووتکە دەبێ ،
« بۆتان » دەفڕێ .
دەسماڵەکەی « خاتوو زین »م
خونچە دەگرێ .

لە نەورۆزا ،
گوڵە کێوی .
لە ترپسکەی نیگایەکدا
کڕنووش بۆ کاکە « مەم » دەبا

بەم چەشنە بیلبیلەی « تانجەرۆ » و « نالی »ی چاوانی و کێلگەی « حەبیبە خان » ، گردی « یارە و پیرەمێرد » و کارێزی « وەستا شەریف » ، ئاگاداری پیاو چاکێکی شار « کەریمی عەلەکە » و هەموو کونجی شار و مەهاباد و نەغدە و نەجمەدین مەلا ، شیعری گۆران و گریانی گوڵدوەر ، زمانی شێوەی « مەحوی »

وڵاتی بابان و باڵان بۆ و شنزوێ و سیروان و خاك و خۆڵ و بێستوون پێوەندیی بێدەنگ و بێ هاواری شاعیر و نیشتمان دەر ئەخا، کە هەندێ جار ئەم چەشنە ڕەزانەیە و هەندێ جار وێنەی ناو دڵەو هەندێ جاریش ـ لە دڵ سەر ئەکا:

لە ئێوارەی تەمەنێکا
ماسیی ڕووبار
زیت و هوشیار
چرپانی بە گوێی زیخێکا:
دەزانی بۆ خۆشم دەوێی؟
گەرام لە چاوانتا دانا:
تۆ بێلووی ئارامی خەوی،
دوورگەی ئەوینی شەوانی
نیشتمانی .. نیشتمانی!

لە ناو ئەو نیشتمانەشدا شاعیر جێگەیەك بۆ خۆی ئەدۆزێتەوە:

تەم بەرگێکە و
ئامێزی تراژیدیامە!
لەگەڵ ژانی هەزارێکا

سەریان ناوە بە پەنجەرەی پایزە وە!
بەڵێ شاعیری لاو ، لە یەك لە دوای یەکی شیعرەکانیدا هەستی خۆی بێ پێچ و پەنا دەر ئەبڕێ . دەمێ تەمو خەم و ئازارە ، دەمێ گفەی ڕەشەبایە ، بەڵام ئەو هەستەی بەسەر دەروونی ئەو لاوەدا زاڵ ئەبێ هەستی پیرۆزی شاعیرانە :

ئێوارە یە
ڕەشەبای فرمێسك هەڵئەکا ،
چرای خەونەکانم دەمرێ
تاوێکی کە
سوارێکی ئەفسووناوی دێ
سێبەری ئەرخەوان دێنێ
زنجیری ئازاری شەوم
پێ دەکەنێ ، بۆ ڕووناکی

هەروەك قسەکانی بێ پێچ و پەنایە ، دەربڕین و وێنەش زۆر لە خۆکردنی پێوە دیار نی یە ، ئەوەندە هەیە زۆرجار هونەر بە وێنەکانەوە دیارە

کاتێ تریقەی باران دێ

با پەرچەمی دادەهێنێ و
ماچی دەکا
تەنیا لەو ساتانەی مندا ئەستێرەکان
دەمناسنەوەوتێ دەگەن لێم
کە من ژان و
ئەشك و
شیعرم ..!!

کوردۆ ، سەر بە نەوەیەك و سەردەمێکی ژیان و شیعرە ، لەبەر ئەوە زۆر شەقلی ئەو نەوەو تەمەنەی پێوە دیارە . ئێستا دەرفەتی ئەوە نی یە بە درێژی خاسیەتی ئەم چەشنە شاعیرە باس بکەین . بەلام بە کورتی ئەمانە نەوە و تەنانەت قوتابیی ئەو دەستە شاعیرەن کە فریای سەردەمی گۆران کەوتن و تەنانەت لە دەوری شکۆی ئەودا دەستیان دایە شیعر نووسین ، لەبەرئەوە . ئەگەر بۆ تەئسیری ئەو شاعیرانە بگەڕێین رەنگە بە ئاسانی لە رووی بیر و وشەو زمان و کێشەوە بیدۆزینەوە ، تەنانەت زۆربەی ئەو نەوەیە لە پەنجەرەکەی گۆران و ئەو دەستە شاعیرەوە

ئاواتی گەیشتنە سنووری جیهان و شیعر و
هونەری جیهانی دەر ئەبڕن:

لە شەویکا «نازم حیکمەت»
چاوی لێك نا
گەرووم! بوو بە سۆناتایەك
«گۆران»ی لەخەو ڕاچڵەکان!

یا:

تا زەرنە قووتەی ئاواتم
فرمێسکی .. «پۆل ڕۆپسن» بسرێ و
گۆنای خەمی من ماچ بکا

زمانی شیعرەکانیشی، هەر ئەو زمانەیە، کورەیی پەنییە، لەمەشدا زۆر لەخۆکردنی پێوە دیار نییە، زۆر ساکار و ڕەوان وشە دێتە سەر کاغەز.

ڕاستە ئەمە دووەم کۆمەڵە شیعری ئەم شاعیرە لاوەیە، بەڵام لە هەموو ڕوو یەکەوە -پەرد پێدان و گەشە سەندنی تری پێویستە. من لەگەڵ ئەوەدا نیم- کە تەلۆك بۆ شاعیر دابنێین و بۆی بکەین بە مەرجی شاعیریێتی. بەڵام خوێندنەوەی زۆر، هەوڵی مەزدانە

بۆ فێر بوونی زمانی تر ، خەریك بوونی ڕاستە قینە بە فۆلکلۆری کوردی خۆیەوە و بە دیالێکتی جیا جیای زمانەکەمان ئاسۆ و قوولی و سووچی تازە ئەدا بە بەرهەمی شاعیر.
ئای کە پێم خۆشە - لە کۆمەڵە شیعری تازەیدا، تەئسیری باشی شیعری مەلای جزیری و خانی و مەولەوی و شاعیرانی گەورەی جیهان ببینم.
یا چەند خۆشە - بە تەئسیری لاوك و حەیران کێشی هەمە ڕەنگ بۆ هەبەستی هەمە ڕەنگ بەکار بێنێ ، باکێشە چوار پەنجەیی ، گەشە بەخشە ، زۆر بەکار هاتووەکەی ئێستا-نی - لە هەبەس بەدی هێناندا کورتی نەهێنێ.
با ئەم زیندوو بوونەوەی وەجاخەی مەلا حەمدوون پتەوتر بێت ، ئەم دەنگە دلێر تر بێ ...


وصلی

# وەلی

«نالی» ڕەشمەی ئەستەموولی
ڕا تەکان و
ڕکێفی ئەسپی چەخماخەی
تاودا و بەرەو «بابان» زەمین.
سەری هێنا،
لە هەورێکا بارپێزە بەرۆکی
«بالان بۆ» و «شنزوێ»ی دا ئەمالی،
شەپۆلەکانی «سیروان»م
هەستانە پێ و «نالی»ی ڕووناکی دڵەکەم
گەیی یە شارە زووری چاوم،
گەردەلوولێك جڵەوی ئەسپی لێ گرت
بە پێپیلکەی هەورەکانا هاتە خوارێ!
«سیروان» بە لانکەی شەمالا
تا «خاك و خۆڵ» بە ڕێی کرد و
هەر کە گەیی یە ئاوایی سۆز

چووە ئەو ژوورەی ناوکی بڕی
لە تاقێکا سنووقی مرواری « وەلی »
زمێستانی چاوی « نالی » بوو
ماچێ شیعری لێ هۆنیەوە و
دای لە گۆنای « حەبیبە خان » .

# سابات

من شووشەی بادەی ئەوینم .
گڵۆپی مەیخانەی شیعرم .
من ئاوێنەی مەستیتانم .
ئێشکی خەمی ئێوە دەگرم .
من فرمێسکی ئازارتانم ؛
من پەپوولەی چاوانتانم .
من وێڵێکم
لە ژێر .. ساباتی سەرتانا
سۆراخم کەن .
لە تریسکەی پێکەکانا
تەماشام کەن .
دڵنیابن توولە ڕێی سامی تەنیاییم ..
وا تەی دەکەم .
کڵپەی پەنجەی ژانەکانتان
بهێنمەوە گڕو کفە

دڵـارینه
کاتێ تریقەی باران دێ
با پەرچەمی دادەهێنێ و
ماچی دەکا
تەنیا لەو ساتانەی مندا ئەستێرەکان
دەمناسنەوە و تێ دەگەن لێم
کە من ژان و
ئەشك و
شیعرم ..!!

# برژانگی تیشك

گیانە
تریفە
لە سنگ و بەرۆكی ڕووبار
نابێتەوە
ئەستێرە
لە چاوی ئاسمان زویر نابێ و
زەریـا
بۆ برژانگی تیشك دەژی
ئیتر من چۆن
كۆرپەی
خەم
ڕانازێـنم و
ئەشكی دووریت
ناگرمـە
ئامێزی
شەوم .

# گۆران

بۆچی نەگریم ..؟
پۆلە کۆتری هێلانەم
باڵەکانی چووزکراوە
ئەی نازانن
من هێلانە جێ ناهێڵم ؟
ئەی گوێ ناگرن
بۆ گمەگەم ؟
لە شەوێکا « نازم حیکمەت » ..
چاوی لێك نا .
گەرووم بوو بە سۆناتایەك
«گۆران» ی .. لە خەو ڕاچڵەکان
بۆچی نەگریم ؟!
شەپۆلی .. تەزووی کرێوە
پەل و پۆی .. کردوومە تەرزە
نایەڵن ! هەڵنیشم شەوێ .
تا زەڕنەقووتەی ئاواتم

فرمێسکی .. « پۆڵ رۆبسن » بسڕێ و
گۆنای خەمی مـنْ ماچ بکا
ئەی پۆلە کۆتری شریفـە ،
رامەمێنن و وچان دەن
دێم لەگەڵتان
بەلام با پۆستەرێکی نان
بدەم لە سـنگی زامەکان .

# تارا

لەژێر لێزمەی
بارانێکا ..
ڕاوەستا بووم .
کچێکی شەنگ
بە تەنکە بواری سەرنجا
بە باڵە مەلەی ، بزەیەک .
هات و لەسەر .. چڵە شیعرێک
بوو بە چەپکێ ڕێحانەی رەش
کە ڕوانیم بۆ قوبەی ئاسمان ..
بە هار ، سەرەتاتکێیەتی
تارای بارانە سەوزەکە
قەد و باڵای
گۆیژەی تەنی .
بووم بە ئاونگی سەرنج و
لە پێڵووی .. گوڵاڵەیەکا
خەوم لێ کەوت .



# شنۆ

جارێکی کە
هەوری پشکۆ
قولـــپی گریانم هەڵناگرێ و
لە بیابانی
برینێکا
هەڵیرپێژێ
ئەم خاکە زامێکی قووڵە
پرچی شەوە
لەگەڵ ژانی درەختێکا
لە دایک بووە .

# شەش تابلۆ

## پەرستگا

خەونەکانم
پاسەوانی قەڵەمێکن
بەپێی پەتی
لەسەر رەفەی ئاگرێکا
«ئاویستا» یان
بۆ هێنام و
کردیانمە پەرستگای خوا !

## ساڵ

سێبەرێک هات
دەروازەی ساڵی راوەشان
خەمێکی باڵا کەڵەگەت
ئەڵقەڕیزی ئالاند

لە دەستی وەرزەوە !

## وەفا

دەفتەرەکەم
سەری نایە .. نێو مەمانی
ئەوینێك و
تێر تێر لە وەفای خواردەوە .
بۆ بەیانی
چوومە « بێستون »ی قیبلەکەم
سوجدەم برد بۆ زامی « فەرهاد » .

## وێرانە

لە چاوەکانما .. منداڵێك
بانگی کردم
هەنگاوم هەڵهێنا بچم
کەوتمە زامێکی قووڵەوە

سەرم ! هەڵبڕی کە ڕوانیم
وێرانەی دڵەکەی خۆمە !

سروە

ئەم پایزە
پەڵە، سەری نا بە سنگی ئێوارەوە و
تێر تێر گریا .
گەڵا ڕێزان
تەرمی ! بەهاری هەڵگرت و
لە گومەزەکەی «شیرین» دا
حەشاری دا !

ئەوین

هەر کە باران
ئاوێزانی ڕووبار دەبێ .
باڵندەکان

لە لانەی فریشتەکانا
هێلکەی ئەوین
بەجێ دێڵن !
تاشە بەردەکانی زەریا
بەستەی بەختەوەری دەڵێن
بۆ « نەورۆسان »ی بێ نەوا.

# بابانی سەرزێ

ئەی مانگە ڕەنگ پەڕیوەکە
بە ماندوویێتی مەڕوانە بۆم
ورشەی بەختەوەریم دەوێ.
دەست ڕەنگین کە؛
پەیکەری مەزن داتاشە.
دوورگەی ئاسمان..
بێنە خوارێ.
بێشەلان لە خەو هەڵسێنە.
بۆی باس کە: گەردەلوول کێیە؟
گوێ بگرە بۆ نزای باران
ئەی ئەسپی ڕەسەنی خۆشبەز
بحیلێنە.
با خەوە گومڕاکان هەڵسن.
هەورە دوورەکانی فرمێسک..
ببارێنن.

هێشووە ئەستێرەی جریوە ..
لێوی داستانی شەوەکان ..
بگرن ، بەگوێی شیعرێکەوە .

# گوڵە زەردە

نەکەی ! هۆگری ئەوین بی .
هوزاریێکی ئاوارەیە:
کە تەرزە دێ
لە کەناری بیرەوەری ڕووباریکا
هەڵئەنیشێ .
بە فرە شەویکی بەهارێ
بە ساماڵی هەناسەیەک ..
باڵە سپی یەکانی ئەکاتەوە و ئەفڕێ .
هەر گەردە لوولێ هەڵئەکا .
بوکێکی تازە ئەهێنێ .
سەرچاوەی کانی ڕووناکە .
هەڵئەقولێ و ..
بە شەرمەوە ..
گلێنەکەی جێ ئەهێڵێ .
ئەوین ! هەنگی هۆنراوەیە

پووره ئەدەن
دشیلەی ئاڵتوون ئەنەخشێنن
بەڵام نابن بە قوربانی
گوڵە زەردە .

# زارە ترەك

!

لە ڕۆژێکا خۆر دەگریا
زەریا ئاهەنگی دەگێڕا
کەنار .. لە شەقامی شەودا
دەگەڕا بۆ
گوڵی باران
برژانگی هەوری ئەم شارە
ئاوێنەی ڕووباری ئەم بوو
گۆنا
شمشێری ئاگر بوو
لەناو چنگی
هاوارێکا
دەگەڕا بۆ زیندانی سات
کێڵگەش
قەتماغەی زووقم بوو
سینگی
نابوو بە زامەوە.

# لەناسەوێڵ

تەماشا کەن
سنەوبەری بالای دەستم
منارەی تاباوی دڵتانە
ئاوازەنگی ڕەشەبایەکە . . .
حەیرانی ناختان بۆ دەڵێ .
لە نێوەڕۆی تەمەنتانا
تۆفانێ دەهات
گۆمی شەوی گرت بە باوەش وەمەکیەوە
ڕێگاکان بخەنە سەر پشت
شەوێنی ئاڵ .

لەسەر باڵی ئەستێرەیەک
بوو بە سەنگەر
خوای برووسکە.. پەنجەی ڕاکێشا بۆ هەورێک.
بگرمێنە.. بگرمێنە
با نهێنییەکانی ڕووبار.. :لێنیابن
فریشتەکە
چرای خۆری هەڵکردەوە
کۆترەکانیش.. گەڕانەوە
بۆ ناو هێلانەی.. چاوانم.


١٨٦٧

١٨٦٧

هەورێکم
دەمەو ئێوارە
بۆ گیانی
« بۆدلێر » گوڵ دەگرم
ئەو ماسیەی
لە مەڵاشوی « سین » دا
گڕی گرت
بەم تاریکی یە
خەمێکی ڕەش پۆش دەبینم
تا بەیانی
نوقمی ڕەشەبای گریانە
گوێم
لە زامێکی سامناکە
بەسەر مەرگا
دەنرکێنێ

چاوەڕێی بارانی خۆرە
پشکۆی
هەنگاوی
نیگاتان
بۆ تەڕمی
برووسکەی ئازار
بێنێتەوە
کێڵگەی برینتان
سارێژکەن
بۆ هەر دڵۆپە
فرمێسکێ
پەیکەری ئاگر داتاشن
ئەوەش
زەردەخەنەی
هەتاوی دڵ
نەفرەت لە گیڤگلم مەکەن .

# شەوچەرە

ئەم بەیانیە ؛
شێعرێك خەونی گێڕایەوە .
شۆخی دەریا ؛
ئەو ماسی یەیە ..
شەوانە بە خورپە و چرپە
دڵداری دەگێڕێتەوە .
سرووەی ڕوخساری دەریاکە
گوێ ڕادێرە .
گەرایەك بووم
لەبن بەردێکا نوستبووم !
دەنگێکی بەسام لە دەوەرا ..
ئاگای هێنام .
تەوژمی شەپۆلی تەمێك ..
بە باڵە بێ پەرواکانیا
هەڵی گرتم .

له‌ شه‌وچه‌ره‌ی شڵپ و هوڕی ..
كه‌نارێكا
ئێشكی گرتم !
به‌ره‌ به‌ره‌
پووله‌كه‌ی سنگ و به‌رۆكم
ره‌نگیان گۆڕا .
زه‌نگی هه‌ناسه‌ی شه‌پۆلێك ..
نیوه‌ڕۆیه‌ك ..
بانگی كردم .
خۆر سه‌رنجی دا له‌ چاوم .
زانیم ده‌یه‌وێ تیژ بگریم .
پووله‌كه‌كانم بوون به‌ باڵ .
به‌ره‌و باوه‌شی ئه‌ستێره‌
چه‌تری ئاسمانم گرته‌ به‌ر .

# قژی دەریا

چرای چاوم
چاوەڕێی تریفەی مانگە
ڕێی پێتەکانم
تەنراوە
هەر دەرگایە
دەکەمەوە
مێشکی سرە
ئەوە دڵمە ؟!
ڕاوگەی ژوانە
دوورگەی
خەم و
کات ژمێری
وەرزی ژانە !!


سەقز

# سەقز

پرچی ئەم شەوە ئاڵۆزە
شوناسنامەی
ژانی وەرزە
تا مانگ
لە دەریای زامتانا
وەك كلووی
بەفری ژانی دڵ
نەتوێتەوە
پەی نابەن
بە سۆزی ئاگر .

# خونچە

کاتێ بەفر ئاوێزانی لوتکە دەبێ ؛
«بۆتان» دەفرێ .
دەسماڵەکەی «خاتوو زین»م
خونچە دەگرێ .
لە نەورۆزا ؛
گوڵە کێوی .
لە ترنیسکەی نیگایەتن دا .
کرنووش بۆ کاکە «مەم» دەبا .

# ساراا

هەموو شەوێ
شاعیرێك دێ
لە بیلبیلەی «تانجەرۆ» دا
زەنگی شەپۆلی هەناسەم
دەگرێتە ئامێزی وشە.
بۆ بەیانی ..
کە خۆر چەپکێ ..
هەتاو دێنێ ..
دەروانم «نالی» چاوانمە ..
لە کێلگەی «حەبیبە خانا» ..
ئەوین و هیوا دەچێنێ .

# دێمەوە

ئەی نیشتمانی ئەوینم
من تارمایی
مردنێکم
بە گومەزی دووکەڵێکدا
هەڵدەزنێم
جارێکی کە
لەگەڵ هەوری
مەشخەڵێکا
دێمەوە لات
دڵنیابە
بەخوا گیانە
جێت ناهێڵم .

# بانیژەی دیوانێك

ئەم بەیانیە
لە بەردەرگای هەتاوێکا
غەمێکی بەژن ناوەندی ،
خۆی گرت بە بالاّی شیعرێکم .
کە ڕوانیمە سیمای زەردی
ئەوسا زانیم
ئەوە خۆمم
کاتێ هەتاو هەنگاوی نا
وردە
وردە
شیعرەکانم
لە بانیژەی دیوانێکا ،
هەڵچوون بەرەو
لووتکەی وشە .

# گۆرانی باران

خەونەکانم
دەمێکە گیانیان جێ هێشتووم.
ئەی ئافرەتە ئەسمەرەکە
گۆرانییەکەم : بۆ بلێ
چۆلەکەی سەودای ژووان بێ
ئەی خانمەکەم
شەوانە لە دەرگام ئەدەی
خەمەکانم
باوەش بەیەکدا دەکەن و
ئەفسوونە رەنگاو رەنگەکە
ئاهەنگێ بۆ باران دەگێڕێ.

# لەدایک بوونی مەرگ

دوا ساتەکانی هەناسە
چاوم پەنجەی
هەنگاو دەگریٚ
ژان
پرسیارەکان
دەکوژیٚ
ئیٚسکەکانم
لە پشتی خەو
دەترازیٚن و
بە رەشەبای خەمەکانا
دەگەنە
درەختی باران
پیٚڵوی سنوور
دەگویٚزنەوە
برینی مردووی نامۆیی
دەهیٚننەوە .

# چرپە

له ئێوارەی تەمەنێکا
ماسی ی ڕووبار
زیت و هوشیار
چرپانی بە گوێ ی زێخێکا :
دەزانی بۆ خۆشم دەوێ ی ؟
گەرام لە چاوانتا دانا :
تۆ پێڵووی ئارامی خەوی ،
دوورگەی ئەوینی شەوانی
نیشتمانی .. نیشتمانی !

# عیشقی چیایی

ع - س

ئەو دەمەی خونچەی دڵ
پشکووت
فێری
عیشقی چیایی بووم
گۆرانیم
بۆ بەفر دەوت
ئەو دەمەی
پێڵوی چاو بزووت
تەمی
هەناسەی ئەوینم
گۆنای
شیعری «گۆران»ی گرت
زام ڕۆژ ژمێری براوە
ئەو چرایە
خۆشی دەوێم

دەزانیٚ
ئیٚشکی شەو دەگرم .

# گەلا ڕیزانی ئەستێرە

هەر کە ئێوارە دێتە لام
خەمی ئەرخەوانی شەوم
دەبێ بە سەیوانی ئەشکم .
رام دەژەنێ ..
تاسۆ چار شێوی ڕەش ئەدا ، بەسەرخۆیدا و
گەلا ڕیزانی ئەستێرە دەیانەوێ
بمکەنە خەو
بەلام گیانە شەو نخوونیم ..
هێندە چڕە .
مەگەر خامۆشی یەك جارییم
بمکاتە خەو .

# ڕەز

کە لێوم برد
ترێی ڕەزی نووستوی چاوەکانت ماچ کەم ،
هەناری بالآ چنارت ..
چرۆی مەمانی بۆ هێنام .
باسکم هێنا
لە گەردنتی بئاڵێنم .
پرچی پەخشانی تریفە ..
تەزووی ژووانی لەیاد بردم .
کە پەنجەم برد ..
شەکرە سێوی کوڵمەکانت ..
بەناز بسرم .
هێمای چاوە بادامیەکەت
دڵی گرتم .

# تەنیایی

شەو هاتەوە
چاو و
چوار دیوار و
پەنجەم
دەبنە سێ دڵ

*

تەمی
بارانی ئاگر و

*

خەمی
هەر چوار
پارچەی دڵ و

*

پەرە مووچی
تابلۆی گیانم

*

# چراخان

خەمێکی قووڵ
ئەسپی کپیم لغاو دەکاو
گەڵا چرەکانی پەنجەم
جادووگەرن
هۆن هۆن ئەشکی ئەنسووناویم
هەڵدەفڕێنن
خەونی باڵدار
لە ئارایشتی شەویکا
کچی ڕەزم ! بۆ دەهێنن .

# ته‌مه‌نم

پاییزێکه ؛
زه‌رده‌ی هه‌تاو ..
په‌نجه‌ره‌ی سه‌رم جێ دێڵێ .
ترپه‌ی دڵم ، له‌ وێرانه‌ی گه‌نجێتیما
شیوه‌نێکه بۆ بێکه‌سیم .
بێ هووده‌یه ئه‌م شیعرانه !
بێ بهره‌یه ، ئه‌م ژیانه !
ئاوازه‌کان ، پرسه‌ یه‌کن :
لانکه‌ی شیوه‌ن ڕاده‌ژێنن
سی و نۆ ساڵه .. خه‌ونه‌کانم
ته‌مێکی ئاواره و لێڵن
له‌سه‌ر گۆنای چاوه‌ڕوانی
نم
نم
ڕۆ ده‌چن به‌گیانما .


مەهاباد

# مەهاباد

لە داستانی پشکۆیەك دا
قارەمانێك ئەسپی ئاگری
تاو ئەدا
هەر کە گەیی یە بەر دەروازەی
خەنجەری خوا .
تنۆك
تنۆك
دڵی مێژووی ئەم مەڵبەندە .
ڕژایە سەر گۆنا ئاڵەکەی
نەغەدە ..

# یـاره

بۆ نـازانم
ئـاو و تیشك
هەرگـیز نـامرن !
ئەی بووكی شاری ڕازاوە.
بەیانیان تـێر ماچت دەكەم .
لە ئێوارە سـەوزەكانـتا..
دەبم بە میـوانی « یـارە » !
چاوم لێ یـە
پیرەمێردێك
لە دامێـنی « وەستا شەریف »
ئاگرەكەی هۆز دەهەژێنێ .
نـەورۆز و گـوڵ
دەست لە گەردنی زەڵمەكەم
دەئاڵـێنێ .

# هەتاو

گیانە .. گیانە
بە تەماتم
وەك تارمایی بۆ چرای شار
خونچە بۆ هەناسەی بەهار
لەگەڵ ڕووبارا کەوتمە ڕێ
ئەو بۆ دەریا و
من بۆ هەتاو
بوینە هاوڕێ .

# ملوانکەی گوڵ

ڕۆژگارم .. وا بەسەر دەچێ
لە کەلێنی .. گریانەوە من تۆم ناسی !
هێندە فرمێسکم بۆ ڕشتی
شەوگارم .. لە خۆم ڕەنجان و
ژوورەکەم .. لێ بوو بە زیندان !
بۆ نەهاتی .. ئەی خانمەکەم ؟
دەزانی .. خواوەندی شیعر
لە گزنگی بەربەیانی .. تەنیایما
هاتە لام و ! هەرچی ملوانکەی گ ڵ هەبوو
هەڵی وەران .

# شاری زریاه

ئەی ئازاری تەزوی شەوم
دەزانی پایز ئافرەتەو
لە مەیخانەی
کزەبایەکی فرمێسکا
خۆی مەست دەکا

چرۆی
مەمکی ڕووبارێکە
لەبەر تاڤگەی بارانێکا
سەما دەکا

من دەمەوێ
لە پێ دەشتی
شاری خۆرا
چاوی «یاقووب» بدۆزمەوە
ئەی ئازاری تەزوی شەوم
مانگ دەزگیرانی دەریایە

بووکی شاری زریانێکە
لە گێشوەری زامەکانما
تریفەی چاوی هیوایە .

# وەفا

دەبا ئەم شەو ! ویرانەی دڵی تەنیاییم
جێ هێڵم و
لەگەڵ کاروانی خەمێکا
ڕێچکەی کوێرەوەری بگرم !
شاعیر هۆمەو لە پەنجەرەی زامێکایە
سوارێک، و پرشنگی خەنجەر لە چاویایە !!
بەڵام گیانە ، لەو ڕۆژەوە
لێوم بە گریان ئاشنا بووە
بوومەتە ڕووباری فرمێسک ،
کەنا، فێری وەفا دەکەم .

# ڕۆژ ژمێر

لە بیستنی ئاوازێکا
خەندەی ڕەش پۆش
نۆتەی سروودێکی دڕان !
دایکی وشە
پرسەی .. بۆ هەتاوێك دانا
بیلبیلەی .. بەفری سەیوانم
لە ڕۆژ ژمێری مەرگێکا
ئاهەنگی .. بۆ خەونێك گێڕا .

# گوڵی لاولاو

ئای چەند شپرزەم بۆ شیعرێ
«گۆران» لەنگەری تیا بگرێ!
زرەی زەنگی دڵەکەمە
یاخۆ! هەوری هەناسەمە
وا بە شکۆ
دارستانی سەرمی گرتووە
ئەی تەمەنی ئازیز وەرە
ئێوارەیە
ڕەشەبای فرمێسك هەڵئەکا
چرای خەونەکانم دەمرێ
تاوێکی کە
سوارێکی ئەفسووناوی دێ
سێبەری ئەرخەوان دێنێ
زنجیری ئازاری شەوم
پێ دەکەنێ بۆ ڕووناکی

شەپۆل دەفڕێ !
زەریا هەڵدەستێتە سەر پێ
سارای دڵە تەماوی یەکەم
ئاویزانی خوای بارانی
بەهرە دەبێ
زامەکانی گوڵی لاویم
ئازار دەگرێ !
ئازیزەکەم
لە چاوانتا
تریسکەی شەپۆلی دەریا
هەڵـە دەکا !
ئێواره یەو
پەشۆکاوم ! هەست دەکەم دڵ
سنووره دوورەکانی خوا
بەدی دەکا !
خولیای ئارەزووی گریانم
بەرەو زریانی سەرسامی
بەرێم دەکا !

ئەی جادووگەری تەنیایی
گەر بێمە لات !
نهێنیەکانی ئەم ژینەم
نیشان ئەدەی ؟
دەستی بێ کەسییەکەم دەگری
ئای خۆزگە ! لە تریفەی مانگی خەمێکا
مالاوایم ! لێ دەکردی .

# ڕەشماڵی ئازار

ئەمشەو باران: کە ئەیدا لە پەنجەرەکەم
دەیوت ڕێم کە ...
با لە ڕەشماڵی ئازارتا
تاسەی دڵم ژێر کەمەوە !
بوومەتە زەریای فرمێسك و
ئاسمان لە باوەشی گرتووم !
منیش وتم ..
هەر بەم شەوە
دەبمە مەلی هەناسەی زام
لەسەر چڵی کۆپلە شیعرێ
خەمەکانم ،
گوڵاڵە سوورەیەك دەگرێ .

# کرێوەی ئاگر

خۆر خوێنی ڕەشەبای مەرگە
ئەو گۆڕەی
بۆ چاوەروانی
هەڵکەنراوە
هەنگاوی
توێشەبەرەیەو
تیشکی کاروانی ئاسۆییە
ناخم
کرێوەی ئاگرە و
پەنجەی دڵم
لەسەر زامی
تەرمی برژانگێ
چرای
سەنگەری
وشەیە .

# سروە

عیشق گەوهەری دەریایە
ماسی ئاگر ؛ زادەی خوایە
باڵندەکان
دەگێڕنەوە ! هەموو شەوێ
فریشتەیێك
چاوی ڕووبارەکە دەسرێ و
تێر تێر دەگری !
سروەی نازدار
شەپۆلەکان ! ڕادەژەنێ و
پاشان دەفرێ .

کەریمی عەلەکە



# کەریمی عەلەکە

گوڵەگەنم : پێش لە دایك بوونی چرۆ
دەمی ساماڵێکی بێ گەرد
گشا بەرە و ئەستێرەی زەرد
سەیان : لە شایی خەرمانا
گریا بۆ نان
کالانەی چاوی شارەکەم
پڕ بوو لە زامی برسێتی
«گۆیژە» و «چوارباخ»
لە جۆلانەی
شەونخوونیی «سەرشەقاما»
پرسەیان بۆ «سەیوان» دانا
«تانجەرۆ» پرچی ئاڵۆزکا و
بەهاری شلکە ساوای ساڵ
لە کۆسار و بەفراوانا
سەمای ئەوینی نەگێڕا

لەرەی سروەی
گۆنای شەماڵ
لالەو شەوبۆیَ تێر ماچ نەکرد
ساوای تازە چاو پشکو تو و
گۆی مەمانی دایکی نەگرت
مەرگ پاسەوانی ژین بوو
ئەم ولاتە ...
زریانی دوورگەی ئازار بوو
سەرچاوەی ئەشك و گریان بوو
لە گاورانا
شۆرە سوارێك
ئەسپی جوامێری زین کردو و
دەروونی ئاهی کلۆڵی
لاوانەوە
دڵی بوو بە ڕووبارێك و
تینوێتی نائومێدانی گەشانەوە.

# دیواری هەناسە

نەکەن ئێشکی گریان بگرن
ئاهی من ئاسمانی سووتان.
ئەی مەرگی ئاوارەی سەر شێت
نەخشەی برووسکە دەکێشم
چاوەکانم
هێلانەی هەڵۆی خۆرێکە
لە شەوێکا هەتاو دێنێ
زەریا و ڕووبار و ئەستێرە
لە خەودایە
پشکۆیە وا لە دڵمایە
گۆرانی بۆ دەستم دەڵێ
گەر خۆر ، زەریا تێر ماچ نەکا
لەسەر لەپی شەپۆلەکان مەلە نەکا
وشە و خاک و ئەوین ئەمرن !
نەکەن ئێشکی گریان بگرن

مەلـێکی زامداری ئاڵـە
تا دوا هەناسەی سەودایی
شەماڵی ئەم نشێوانە دەلاوێنێ !
ئەی مەرگی ناوادەی سەرشێت
بەکەشتی هەورا بۆ هاتووی ؟!
ئەی نازانی : من چەخماخەم ؟!
پێغەمبەری نان و ئاوم
لەسەر دیواری هەناسە
نەخشەی بروسکە دەکێشم .


نەجمەدین مەلا

## نەجمەدین مەلا

لە کرێوە بپرسن کێم
هەگبەی شەوم
لە تێ نانم
چەند پەڕەیە شیعری کۆنم
دەرگای سەرم ..
لە ناو پێیێکی بێ کەسیما ..
دەکەمەوە .
بۆ جامێ مەی
نەکەم بە توێشووی تەنیاییم !
ئەو چرایەی
هەڵم کردووە
زامە قووڵەکانی دەستمە .
ئەو دەریایەی
پیایا دەڕۆم
تۆفانی «نووح»ی ئاسمانە .

بە کەشتی ورشەی باڵدارا
دەگەڕێم بۆ ئەو لێوانەی
بە وشەی چاو ..
ئاشنا نەبوون.
سروودێکم ؛ ماڵ بە ماڵ دەگەڕێم بۆ نان.
مەرهەمێکم ؛
هەموو ئازار ... دەکەمە خەو.
هەر ئێوارە
دادەنیشم
خۆم و سێبەرەکەی پەنجەم
بە شەقامی ڕستەکانا
هەنگاو دەنێین
قەڵەمێکم
گۆرانی بۆ ماسیە وردەکانی سیروان
دەڵێمەوە و
دەڵێمەوە.
هەموو شەوێ
کەبرە نایەڵێ

لە کەلاوەی .. برسێتیما
ئاگام دێنێ
خەونی خۆم و
پشیلەکەم .. دەتۆرێنێ .

# تەلار

ئەی هەناسەم
گریانی قووڵ مەخۆرەوە
ئەم شەو باران ...
دای لە دەرگای شیعرەکانم
چەخماخەییێک ..
لەناو سەرما .. بوو بە هەورو
بارانی برژانگی ژانم
دای کردەوە

ئاوارە بووم
وەنەوز : لە ڕەشەبای خەودا
هەڵنیشتەوە .
لە چاوانتا .. ڕووبارێ هات
خوریەی ماچی شیعرەکانم
فێری شەو نخوونی بوون و
بوونە هاوڕێی
دشە پۆلەکان .

# تۆمار

خەمەکانم
بەرە بەرە وا خەریکن
مەرگم دێنن
ئەی چارە نووسم ماڵ ئاوا
لە ئێوارە کپەکانتا
چاوەڕێی خەندەی تەمەن بووم
بەڵام ، لە ئاسۆی مەبگەوە
چرایەکم
بە گەردنی هەورێکەوە
بەدی دەکرد
کز کز بۆ چەند ساتێکی کەم
هەناسەیان پێ دەبەخشی و
پاشان دەمرد .

. . . .

ئەی چارە نووسم ماڵ ئاوا

ئەم تەنیاییەم
دوورگەی ئەویـنی ئازارە
گەرداوی زەریا نایەڵێ
لە بزەی سروەی بەیـانا
ئەستێرەییێك لە ئامێزی
خۆم بگرم تا لە خۆشیا
بمرم
بمرم ..

# له ڕووباری چاوەکانتا

چۆن دڵت هات .. بەم پایزە
نیگاکانت .. لێ تۆرانم
ئەی نازانی خۆشەویستی
وەك نانی شوانەکە وایە ؟!
بۆ یەك جار ، خرایە سەر دڵ
مەگەر مردن .. ئەو عیشقەی لێ بشێوێنێ
کە مناڵ بووم ، لە ڕووباری چاوەکانتا
مەلەم دەکرد !
جار جار .. لە خۆشیانا دەفڕیم
لە گێژی ڕەشەبای حەزما
قەفەزی گیانم ، جێ دەهێشت .
چۆن دڵت هات .. بەم پایزە
نیگاکانت .. لێ تۆرانم !
گەر لە خاکی نامۆییما ، بتدۆزمەوە
داستانی .. کوێرەوەریەکەم ، دەنووسمەوە !

بەڵام چیبکەم
لە نیوەشەوی دوێنێما
ماسی نهێنیەکانم دی
لە وشکانی ! خەمەکانما
گیان ئەدا.

# چرای گەردوون

من هەورێکم
دەستی ڕاستم
قەڵەم دەگرێ و
دەستی چەپەم
چەپکێ پشکۆ
باڵندەکان
ڕێ لە پرچی هەتاو ناگرن
لە گەردنی چیا بئاڵێ
ئەمجارە
درەختی پەنجەم
نابڕمەوە
گڕی نەورۆز
لە پێڵوی ترۆپکی کەژا
ناکەمە گومەزی سنزا .

# نامە

لە دڵێکا
چرای .. زامەکانم هەڵکرد
دەنگی جریوەی .. ئەستێرەم
ڕۆچوو بە گەرووی شەوگارا
ڕێبواری هات
موستیلەی گڕی هێنا بوو
کردیە پەنجەی نائێکەوە !
توخوا ئەم جارەش وەرەوە
نائومێدی لوولی داوم
وەرزی بیرەوەرییەکانم
نامەی پرسەی شارەکەمە !

# سەی عەلی ئەسغەری کوردستانی



# سەی عەلی ئەسغەری کوردستانی

له هارمۆنیی ئاوازێکا
دەست دەنێمە .. سەردڵی خەم
له میحرابی .. هونەرێکا
نوێژ بۆ خوای فریشتە دەکەم
ئەی هوزاری .. کونجی حەسرەت
کە زایەڵەی زەنگی دەنگت
دەگاتە گوێم !
وەك هەورە سەر هەڵگرتووەکە
نەك هەر لە خۆشیانا دەگریم
بگرە دەبمە ئەو بارانەی
تا کێڵگەی .. ئازار نەبینێ
بۆی داناکا !
ئەی هوزاری کونجی حەسرەت
پیانۆی « شۆپان »
هەموو شەوێ مەستم دەکا !

به باڵە فڕەی خەونێکا
هەرچی خۆشەویستی هەیە
دەیکاتە چرای ئەو ڕۆژەی
هەڵنە هاتووە !
بەڵام بادەی مەستی شیعرم
لە شمشاڵی .. گەروو تایە
لە چریکەی .. دەرووونتایە .


ترانی بۆکان

# ژانی بووکا

ئەم بەهارە
لێزمەی بارانی مردنە
لەناو گلێنەی دیوارا
هەناسەی چاوە ڕوانیتان
شپرزە یە
شارە دووکەڵی تارمایی
لە زامالی دارە بەنا
کووچەڵەی
لێوی گریانە
لانەی باڵندەی خەمێکە و
بەسەر سێ دارەی
شەوێکا
نیشتۆتەوە .

# چارە نووس

ئەشێ تەمەن تابلۆیەك بێ و
هەرەتی لاویم .. خولیابێ
ئەی کەشتی .. دەریای ئەندێشە
ئەو رەنگانە .. بشڵەقێنە
یەخەی .. شەپۆلیان نەگرتووە !
سەیرە.. ئاسمان دەڵێی زێوانی زەریایە
لە ئێوارەی زەردە پەڕا
پێی شەپۆلەکان ماچ دەکا !
زەریاش بەو هەموو مۆنیەوە
سەما بۆ پرچی خۆر دەکا !
ئەشێ تەمەن بارانێك بێ و
هەرەتی لاویم .. ئازار بێ
ئەی کەشتی .. دەریای ئەندێشە
ئەو رەنگانە .. بلاوێنە
ئەی چارە نووسم .. مەتۆرێ و
چرای .. دەریاکەم بۆ بێنە .

# ئاسۆی شیعرەکانم

ئەی ئاوێنەی بیرەوەریم
هەرچەند ، بە سیمای ژاکاوتا ، هەڵدەڕوانم
ئەو حەزانە بەدی دەکەم
جاران : جووتێ کۆتری چاو بوون
نیازیان وابوو
پەنجەکانم بکەنە هێلانەی ئەوین
ئاوێنە : لێم بۆتە تەم و
بێ ئارامی ، وەك شەپۆلێك
واخەریکە : بەرە بەرە
لە ئاسۆی شیعرەکانمەوە
تاوی بارانەکە دێنێ .

# گەرووی چیا

گۆنــای
بەهاری نازدارە و
ئاوێـنگی
عەتری گرتووە
ئەی پەیکەری جروەی
خولـیام
با لێرەوە
بەدەـر سەرنجی هەتار!
هەڵکشێن
بۆ سـێدارەی
دەنگ
ژان و خەون
سەرنگون کەین
ئەی پەیکەری جروەی
خولیام

زامەکانم
بەرە و لانکەی
شەماڵی گەرووی چیا بەرە .

# حەسرەت

چاوەڕێتم
وەك چۆن شیعر خولیای ژانە
برسێتی ئامەزرۆی نانە !!
خۆشم دەوێی
لە ژوانتا چەشنی بەفرێکم
بە بادەی حەسرەتی ماچت
دەتوێمەوە !
ڕەنگە بڵێی شاعیر شێتە
نەت بیستووە
شەماڵ .. کە هەناسە دەدا
چاوی گوڵە شەوبۆ دەنوێ ؟
باران .. کەبە خوڕ دادەکا
باوەش بەیەکا دەکەن و
دەم دەنێنە گۆنای یەکتر ؟

# شێخ سەعیدی پیران

مێژوو
گالیسکەی زەمانەو
ئەسپی چەناگە تاوئەدا
لە چلپاوی
جێ سمی وشەی مردوودا
موخورکەی
ئەم گیانە سەرەم
دەستی
نایە بینی خوێنم
بە هەنگاوی
هەناسەما
ڕۆچوومە
ناخی خۆمەوە
وەرن
ڕێگا تەم ومژە

زیندان
پاسەوانی شەوە
توولە مار
هێلانەی دەنگی جێ هێشتووە
پێست و گلێنەم
وەك یەكە
جیا نابنەوە
ئەی تۆ
گوێزانە نامۆكە
ئێرە خاكی
برسێتی یەور
نەخشەی
خوێناوی ئێمزایە
هەتا زووە
سەری برینت هەڵگرە
ئەی گوێزانە نامۆكە.

# تریفە

ڕەنج سواری ئەسپی هەتاوە و
کسپەی دەنگێکی سووتاوە
شەونمی خوێنی هوزارم
لە کەژاوەی نازدارێکا .. وا دەخوێنم
ئێوەن .. تریفەی ئاسمانم
سرووەی درەختی .. دەروونم
ماچی تاسەی دووریتانە
فریاکەون
بەرە بەیان .. لە خەودایە
شەوگار .. لانەی جێ هێشتووە
وەرن .. چاوە شینەکانم
لەبەر تریفەی مانگێکا
هەڵفڕێنن ..
با مەلی تەماشام نەمرێ .


ئەرخەوان

# ئەرخەوان

من لە تاجی ئەستێرەوە
لەگەڵ بارانە گوڵ باریم
دڵەکەتم بۆ بکەوە
فرمێسکەکانم دەچێنم
دڵنیابە
گەر هەتاویش بتۆرێ لێم
ڕووبارێکم
زریان و تۆفی نامۆییم
تا چاو بڕکا
دەڕوانێتە شەختەی تەمەنی
سەودایییم

* * *

بارانە و خۆش ناکاتەوە
ئاسمانیش سەراسیمەیە
هەر بە شیعری «گۆران» دەچێ

ئابنەوە

لەگریانی «گوڵ عومەر»دا
مەمکی ناوە بە دەمی «تانجەرۆ» مەوە
نەکەی.. وانەکان سەربڕی
هەنیسکی شیعر ڕادێنم
کە چۆلەکە زامدارەکەی بەربەیان هات
دەستە زبرەکەم ڕا دەگرم،
گەنمی سیمای حەوانەوەم
دەچنێتەوە
با ئەسپی ناخ ئاودەم بڕۆم،
لەشاری سپی خۆرەوە
نامەیەکی دایکم هاتووە.
هەناسەی ئاوارەییمە
پێناسی خۆشەویستیمە

* * *

شاعیرێکم
وشەکانم بە باڵی ماچ هەڵدەگرن
پەری. ورشە لە ئاوریشمی هەورەکانا
زەنگی دڵم دەورووژێنن.

توخوا گیانە .. جێم مەهێڵە
وا کرێوە
دەریاکان دەکابە شەختە !
نەکەی وانەکان سەربڕی
با، ئەلف و بێی ئەوین فێربم .
دڵەکەتم بۆ بکەوە
باران .. نم نم وا دەبارێ
چرا نازدارەکەی شەوم
وەك دڵدارێ لە ژوانا بێ .
هەڵدە لەرزێ .
ئەم هەیوانە غەمناکەی تۆ
رووەتی زامی بارانە
هەر چوار وەرزە
رەهێڵەیەو رێ بەندانە !
ئاسمان ئەمشەو
چۆکی داداوە بەسەرما .
گیانە گۆرانی شەوانەم
رێبواری سروودی عیشقە

ئەم بەرگێکە و
ئامێزی تراژیدیامە!
لەگەڵ ژانی هەزارێکا
سەریان ناوە بە پەنجەرەی پایزەوە!
لە خەستەخانەی نێرگزا
زمانی شێوەی «مەحوی» م گرت!
ڕێمکە برۆم
قژی دار ئەرخەوانەکان
بهۆنمەوە.
«سالم» لەخەو هەڵبسێنم
پریاسکەی خەمی «خانەقا»
لە دڵیایە
وەڵامی نامەکەی «نالی» ی
لە دەستایە
باران.. نم نم وا دەبارێ
چرا نازدارەکەی شەوم
بە شوێن خەندەی هەتاوی تۆراوا وێڵە.
لە دەرگای بێ دەنگی، مەدە

که دەڕوانم .. بە تەنیایی ژوورەکەما
شەختەی .. تەمەنی سەودایيم .
دەتوێتەوە !!

# دەریا[1]

دڵم کە سەرچاوەی خەم بێ و
ژینم ڕووباری فرمێسک بێ
بەمن چی بارانی بەهار .
بەستەخوانی عاشقان بێ
هەناسەو ڕووناکی دەروون
شەوی تار بێ
دەبا زریانی کڵپەی خۆر
چرای نەمری گەردوون بێ

* * *

لەو ڕۆژەوە کە خۆم دیوە
وێڵی ئەستێرەی هیوام و
هەر نەم دیوە
نەڵێن بۆ وا پەشۆکاوی ؟
منیش حەزم لە دەریایە
باڵندەم و

بە قانوونی خۆشەویستی
لەسەر دەمەر لق و ترۆپکێ
بەجێ دێڵم
هێلانەی خورپە و هیوایە..

# پرسەی هەور

دەوەرە لام
ئەم وڵاتە
پرسەی هەورە
گڵکۆی
بارانی ئازیزە
وەرە
هاڵاوی
هەناسەم
بۆتە زریان
ئێرە
قژی زەریای
خۆرە
سەدان ساڵە
ژیلەی ماچی
ئاسمانێکە

نه گۆرانی
بۆ خوا دەڵێ و
نە زمانی زریان و شەپۆل فێر دەبێ
هێندەی من سۆراخم کردووی
هەتاو .. بۆ بەفری وڵاتم
نەگریاوە
قەڵەم .. بۆ ژانی برینم
خوێنی گەرووی نەرژاوە
دەوەرە لام
دەوەرە لام .


٥
یەڵاز گیوناى

# یەڵماز گیونای

نیوەڕۆ بوو .. خرمەی بەفر
لەژێر سمی .. ئەسپی شەوا
باڵی گرت و
شەختەی زرنگەی زامەکان
بەسەر مەرگا
دەیان گرمان

لەناو
گۆمی ئاگرێکا
چرای ئەستێرە داگیرسا
پەیمانم بەست
لەگەڵ مەرگا

ماچی
نوستوو
لە خەونەکەم

تابلۆی ئەشکەر
برژێنمە
زامتانەوە
لە ئاستانا
بستێ خاکم
بمناسنەوە.

# گەڵا

چاوەکانم
دوو ئاوێنەی تەماوین و
پەنجەی تیا بەدی ناکەم
گیانم ئەهشەو
دەگریا بۆ ئەو شاعیرەی
وشەکانی هەڵدەوەرین !
زامەکانی خۆم خۆش دەوێ
ڕووبارێ ماندووم خۆش دەوێ
وەرە ئەی هەناسەی عیشقم
کە بارانی ئەم پاییزە
دای کردەوە !
دەستت ڕا دەگرین
گەڵای وەریوی ئەستێرە
دەگرینەوە .
درەختێ جریوەی تەمەن
دەکەین بە قوربانی هەتاو .

# سۆراخ

ئەمشەو ئاسمان
بۆ سۆراخی ئەستێرەیەك
گڕی
لە زەریا بەرئەداو
یەکە
یەکە
ئەستێرەکان
گۆرانیان
بۆ خۆر دەوت
دەمی گزنگ
ئاسمان
لە دڵی چاوانیا
ئەستێرەی نیگای دۆزیەوە
خۆری کردە
مەدالیایەك

دای
له سنگ و بەرۆکی
شەو .

# شاری سەرم

ئەی شاعیرە ئاوارەکە
هەر ئەم شەوە
سروودێك بۆ هەرمێی دڵم
بهۆنەوە
با ئەستێرە نەرەنجێ لێم
توخوا ، ئەی هاوڕێی تەنیایی
دەستی بێ کەسیم وابگرە
تا شاری خامۆشی سەرم
نەدۆزیەوە
نەیەیتەوە .

# کوردۆ کاروان

مۆمەکە وا لە ژوور سەرما
کز کز دەسووتێ وەکو هەناسەم
بۆیە خەریکە
ئومێدێک دەدا بە هیواو تاسەم
ئەم تاوە تەش کە هەموو شەو
ئێشکێ دەگرێ و دەمخاتە خەو
کردوویەتە مانگی وەرزێ
خەندە بگرێ.

# حەزرەتی فالی

دەوەرەوە
وا پایزە و .. لە تەم و مژی چاوانیا
تروسکەی پەنجەی گۆرانییم
هەڵکەرەوە
ئەی شاری
تارمایی و زریان
کەشکۆڵەکەم
لەسەر پەلکە پەری ڕێژنە
شپرزەیە و
خونچەی شەوم
گڕی گرتووە
دەوەرەوە
تیشکی باران
ژانی دووکەڵی تۆفانە
بەری خۆری لێ گرتوم و

دیواری شەقام نابینم
سۆراخم کە
دەمی کۆچەو
ڕووناکی
دڵی جێ هێشتوم
گوڵی کل چێوی چاوانم
دەسەڕخێڵی خەم
هاتۆتەوە
شەوەزەنگەو
هەتاو لە ئاوێنەی گیانا
بە دەشەپۆلی تریسکەدا
شۆڕ بۆتەوە
دەوەرەوە
دەوەرەوە
وا پایز و .. لە تەم و مژی چاوانیا
تروسکەی پەنجەی گۆرانییم
هەڵکەرەوە.

گوڵی هەتاوی ئەوینم
گەرووی سەیوان
لانکەی زامە
چاوەڕێی .. دەستی وشەیە
دەوەرەوە
وا پایزە و .. لە تەم و مژی چاوانیا
تروسکەی پەنجەی گۆرانییم
هەڵکەرەوە .

# ئاوابوون

جاران هیوام
تاقگەیەك بوو
لە تاریكی بێ دەنگیما
توولـە ڕێگای شەوانی مەستیم
پێ ئەدەی دەكرد

* * * *

ئێستا مەستیم
ئەو بێكەیـە
هەنسكی گریانی پێیە
بادەم ئەشكەو
ڕۆژو شەوم مەیخانەیـە

* * * *

جاران تەمەن
بزەیەك بوو
تەزووی بە گیانما دەهێنا

لە هەنگاوی نەخشەکانما
ترپەی دڵە یاخی یەکەم بوو
* * * *
ئێستا گیانم
خەزانێکە
لە باوەشی ئازارێکا
بەسەر وێرانەی ڕۆژگارما
ورد ورد حەیرانی گەرمێنم
لەبەردەکا!
* * * *
جاران وەرزم
ڕۆژ ژمێری گشت حەزێ بوو
لە هات و چۆی ساڵەکانا
تاجی سەروەری شادیم بوو!
* * * *
ئێستا شادیم
پرسەیەکە
دڵدارەکان!

پەیمانی تیا دەبەستن و
پۆل پۆل ! ماچە گڕاویەکان
تیا هەڵدەفڕن !

* * * *

# خوناو

پەنجەی
هەتاوی فرمێسکێك
چاوی
خوناوێکی ماچ کرد
خۆر
گری لە ئاسمان بەردا
وڵاتی
خاك و خۆڵی خەم
هەردوو دەستی ڕاگرت
بۆ زام .

# مەرگی خەرمان

له میحرابی ئەبرۆتانا
نوێژ .. بۆ خوای شاعیرێك دەکەم
له خوێناوی نیگاتانا
دەبمە شمشێری هەتاوێ :
بوکی دەفر بۆ ڕووبارێ دەگوێزمەوە .
تاو داتاوێ ..
له شەوەنخونی ڕەزێکا
شەرابی : داستانی ئەوین .. دەخۆمەوە.
دەچمە بەر .. ڕەهێڵەی پایز
وەك حەسرەتێ
گوێ دەنێم .. بە ترپەی دڵی بارانەوە :
بەسەرهاتی .. مەرگی خەرمان .. دەگێڕمەوە :
چاوەڕێی کۆتری ئاوارەم
حەتا هاتەوە
فڕێی کمەی دەکەمەوە :

هەر ڕێبوارێ .. لێم بپرسێ
«نالی» کێیە
ناونیشانی «سیروان»ی ئەشکێ ئەدەمێ .

# دڕگەزی

لە گەڕەکی چارە نووسما
کوڵێرەیەك
ڕێچکەی ئازاری بواریکە
هەزار ساڵە
لە شاری مەمکی دایکمانا
گەرعیان و کوێستان تەی دەکا
نەسیێنی یەکان
بپشکێن
دڕکە زێی و
دیواری هەناسە تانن .

# دوو ئاوێنە

## زەنگ

بە هەر لایەکا دەڕوانم
پەژارە و ئاه و گریانە!
زەنگی دڵم! ئەم دنیایەی
هەژاندووە!
دوای مردنم .. کەشکۆڵەکەم
لەسەر باڵی ئەستێرەیەك
دەبێ بە تیشکی ئەو خۆرەی
هەڵنەهاتووە

## سەناریا

پایزێکە .. پەڵە چاوی پووش و پەڵاش
هەڵنا گلۆفێ و
کانیاوەکە .. نانوێتەوە
لە وڵاتی! نامۆییما
ڕێبوارەکە

چاوانی ! ئاکاتە مۆمر و
نایبینەوە .


چوا چرا

# چوار چرا

دە وەرن کتێبی سەرم بکەنەوە
بە ڕووباری ! وشەکانما
بپەڕنەوە !
لە ئاوێنەی شمشێرێکا
بادەی ئەوین بخۆنەوە !
کێ پێی وتن
شەو بەرگی زامی پۆشیوە ؟
کەنار : لە دەریا تۆراوە !
دە وەرن .. تابلۆی گریانم
ژێر کەنەوە
ئەو چرایەی .. لە باڵەخانەی سەرمایە
کلاڤەی ژانی گیانتانە !
گەرووم کێڵگەی ! مێژوویەکە
بەرگی گڕی لەبەردایە
داستانەکەم «چوار چرا» یە !!

# ئامێز

پایز
زامەکانم ! چەن وێرانن
وەرە نەبادا نەت بینم
ئەوە مانگە
لە پەنجەرەی ! هەژاریێکا
هەڵکور ماوە ! وا بۆم دەگری
جارێکی کە ! لە ئامێزی شەوم ناگری !
گیانم .. تارمایی زیندانەو
دەنگم .. قوڵێکی بڕاوە !
وەرە ئەم شەو
با جەستەی پایز بنێژین !!
ڕەوەز
ئەی جوانی ! توبی خوا وەرە
وا دڵداری
گۆڕانی ! بۆ ئاسمان دەڵێ

ئەی فریشتە
گەلای ئەم وەرزە خەم بارە
هەڵوەریـنە
شـمشاڵی ڕەنجی ئەو شوانە
بهەژێـنە !!

# پریاسکەی پرسیار

گەر قەیرانی ژان بوومایە
بارانی گڕم دەباران
گەر بەیداخی زام بوومایە
ڕووباری نانم دەهەژان
ئەی تۆوی خوێن و ئازارم
ڕامەمێنە
ئەشەوە زەنگە چرای چاوم
داگیرسێنە
دڵنیابن
ژیلەی پریاسکەی پرسیارم
گومەزی خەمەکانتانە
هەنسکی گەرووی سەرتانە
ئەم شەو فریشتەم بینیووە
سبەی
چاوی دەرگای قەڵا دەکرێتەوە .

درەختی ورشەی ئەستێرە !
دەڕوێتەوە
ئاوێنەسۆمای داهاتووە
لە چوارچێوەی زیندانێکا
سەر بڕاوە
وشە لەکتێب بێزارە !
باڵی گرتووە
ئەی تۆوی خوێن و ئازارم !
ڕامەمێنە
شەوەزەنگە
چرای چاوم
داگیرسێنە
هەژارێکم
سروودی کێڵگەی هاوارم
مەلی !
هەناسەی بارانە
دەستی !
زبری برسیەکانە .

# نامەیەکی بۆ برایەکی پاک

سلێمانی .. درەختێکە
بە فرمێسکی زامی گۆیژە
ئاو دراوە
کتێبێکە .. لە کێڵگەی قەڵا چوالانا
چاپ کراوە
بە گەشتی تۆف و بارانا
ئەسپی ڕۆژگار
خستیە سەر پشتی برووسکە
بوو بە یادگار
لە نەخشەی .. چاوی ئاواتا
ورشەی دەهات
شەماڵ .. لە تریفەی مشەودا
شنەی دەهات
لە منارەی .. ئەوینێکا
«سالم» بانگی وەفای ئەدا

له سه نگه‌ری .. قه‌ڵه‌میْکا
به‌خته‌وه‌ری
نه‌خشه‌ی گزنگی ده‌کیْشا
شار .. سرووده‌ی هه‌زاران بوو !
له نووستنا
خه‌و بیْدار بوو
له بیستنا
ده‌نگ وریا بوو
هه‌رده‌م .. تاچاو بڕکا ئاسۆ
ده‌ریای .. ماچی فریشته بوو
دیواری هه‌وره سپییه‌کان
له ئاهه‌نگی .. به‌هاریْکا
ئه‌ستیْره‌یان .. له‌خه‌و هه‌ستان !
فریشته .. چرپانی به‌گوێی دڵداریْکا
وا هه‌ڵکه‌نێ . بوو به تابلۆ
له پیْشانگای کانیْسکانا
هونه‌رمه‌ندیْك
پرچی ده‌یوان داده‌هیْنێ و

مێژوو نووسێك
نهێنیەکانی .. گریانم
بۆ حەزرەتی « نالی » دڵم
دەدرکێنێ !
لە ساماڵی چاوی تانجەرۆی پاییزا
تەمەن .. دزرا
شەپۆل .. گریا
بابان کرا بە سێدارەی
هەتاوێکا
ئەستێرە کەگەیی یە گڵە زەردەی زامم
بە چنگ خۆڵی کرد بە سەریا
لەو ساتەوە
هەموو وەرزێ
لە دامێنی بەرانانا
گوڵاڵەیەك
هۆن هۆن .. فرمێسکی خوێنینم
دەبارێنێ !!

# دێڵگەی برین

ئەی بێ دەنگی
لە ئاوێنەی چاوانتا بوو
بەرگی
ژانی گەرووم پۆشی
لە درەختی
تەمەنتا بوو
چرای
ئەوینی داگیرسان
دڵم دڵۆپێ خولیایەو
ئێشکی تریفەی خەم
دەگرێ
لە هەر شوێنێ
چەقۆ
گوێی مەمکی خاک ببڕێ
زەردەخەنە
لە بار دەبەم

لە گەردنی
ئاڵای چیادا
بانگی بارانی
گڕ دەکەم .

# لۆرکا

بۆ سروودی خۆرنشینی ئێوارانم
گلێنەی ئۆقرەی پرسیارم.. بانگی کردم
لە سۆراخی مەرگی خۆما
ناونیشانم دا بە شەماڵی ئاوارە
لە پایتەختی شاعیرێکا
پرچی مانگە شەویان بڕی!
تەماشا کەن
شەوەکانم! تابلۆی شووشەن
لە ژوور سەری «گارسیا لۆرکا» هەڵواسراوون!

# خەمێکی چڕ

گڕ لە چاوی
ئاسمان بەردەدا
ئەم بارەشە
خەمێکی چڕی ناوەختە
مەرگی گوڵە و
ئۆردووی هەوری ڕەش و تاڵە
بۆ زامی چاومان دەگەڕێ
مەشخەڵانێ
شەو دەکوژێ
پشکۆیەکە و
قەتماغەی.. پەنجەی دەنگمانە .



# پێشەوا

پشکۆی عیشقێ لە دڵمایە
سەنگەری نوێژی گرتانە
تیغی ئەفسانەی سەرتانە !!
لە گومەزی «مەهاباد» دا
پرسە ! لە مردنی خۆیا دانیشتبوو
بۆتان گەرام
لە بەیداخی کتێبێکا
رێگەی چاوتانم دۆزیەوە !
لەودیو دەروازەی برینتان .. تێ پەڕیم و
زەریایە خوێنم بینیەوە !
لەو رۆژەوە
هەرمناڵێ .. چاو هەڵبێنێ
دەڵێن .. ئەمە «پێشەوا» یە
هەر برینێ .. سارێژ نەبێ
دەڵێن .. چرای «چوارچرا» یە !!

# دڵنیابە

گەر هەناسەشم گڕ بگرێ
جێ ژوانی بەفرو ئەوین
جێ ناهێڵم
تۆش ئەی ڕەشەبای ئاوارە
وەرەوە سنگم پێکراوە
ئەم بارانە ...
ئاسۆی مەرگی ژاراو دەکا
برینێکە ...
ئێسکی .. چیرۆکم دەکێڵێ
بەڵام من لە کۆشی
ئەستێرەدا
زمان دەگرم .

# سۆناتا

« ڤان کووخ » زنەی هێلّی ڕەنگە
لە بەستێنی ڕووبارێکا
دێوانەی شەپۆلی زەنگە
لەگەڵ سۆزا : باڵی دەگرت
پەلکە زێڕینەی تابلۆیەك
فرمێسکی سۆناتایەك بوو
لە ئۆقرەی چاوی هەنسکا
مایکرۆ فۆنی گریانێ بوو !!
« ڤان کووخ » ئەستێرەی ئەوینە
هونەری سروشتی ژینە
لە گۆنای گوڵەگەنما
بە دیم کردووە !
لە هەناسەی هەزارێکا
خۆشم ویستووە !!

# نانی شوان

با ژیلەی دڵ
تێکەڵ بە خوێنی «سیروان» کەم
قوڵپی گریانم بەهەژێ و
خاك و خۆڵی
بەر دەرگای
«حەزرەتی نالی»
وەك نانی شوان
بنێم بە سنگی خەمەوە.

# بەفر

کرێوەیەک
دڵی لە زستان زویر بوو
دەستی نایە بینی بەفر !
بەفر ووتی :
نەکەی کەژ و پێ دەشتەکان
برەنجێنی !
ورشەی ئەستێرەی ساڵم
بوەرێنی !
کە ناوت هات
دەڵێن کرێوە مەرگێکە
هەرکاتێ هات
رووبارەکان
کەژاوەی ! بووکێنی خۆیان
بەجێ دێڵن !!

# ڕێژنە

..

خەونەکانتان
کەشتیەکە
لە نێو تۆفانی بارانا
ئالای ئەوینێك هەڵدەکا !
هەرساوای : مەلی خەندەیەك
بەدی بکا
لەسەر لەپی شەپۆلەکان
بەجێی دێڵێ !
مەلی خەندەی ! چاو پشکوو توو
کە گەورە بوو
لەگەڵ ڕێژنەی بارانێکا
دەبنە دوو دڵخوازی پیرۆز
مەل ! بۆ شادی
دەجریوێنێ !
باران ! بزەیێکەی ئازاری
پێ دەکەنێ !


سەمەدی بەهرەنگی

# سەرمەدی بەھرەنگی

پەنجەکانم .. بۆم دەگەڕێن
وەرزێکی ناوەختی ژینە
وشەکانم .. لێم یاخی بوون
گۆڕی هەڵکەنی پرسیارەکان
ئیتر چی دی نادۆزمەوە
ئەی ژانی
پشتی ساڵەکان
ڕێگای
گەردەلوولم هەگرە
ئەمجارە
شمشێری دەنگم
کەللەی ترس دەپەڕێنێ
ڕێ نادا بە ڕەشەبای زام
گۆمی چاوم
هەڵفڕینێ .

ڕووبارەکان
بۆم دەگەڕێن
نێڵە نێڵ
ئاگری شەوم
بزەی هەناسەم
دەگرێت و
پێڵوی چاوم
بەسەر لووتکە و
قەدو بالای چیای سەختا
هەڵدەگەڕێ.

# نیگا

گەرووم ! منارەی بانگێکە
لە هەورە بانی سەرتانا
نیگاکانتان دەتۆرێنێ !
رووباری فرمێسکی گریان
بە دەروونی شەوێکتانا
تێ ناپەڕێ و
هەواڵی مەرگی تەمەنتان
بە ئاوایی شیعرەکانم
ناگەیێنێ !
سینەی ئۆقرەم
لە بێستوونی شارەکەما
بۆ زامی فەرهاد دەگەڕێ .


سمکوْ

# سمكۆ

لە سەر تەرمی نێرگزی ژانی
مەمکێلێ
دەسرازەی
تریفەی مانگیان
کردە قوربانی چەقۆیەك
وشە لە دەمما تفت بووە
لە تەنافی کفەی ئاگری هاوارا
باڵم گرتووە
لە بیرتانە
تریسکەی پێڵوی بەفری گڕ
کزەبای سارای سینە بوو
پێ ناسی
شاری چاوانتان
ئەژنۆی تفەنگی
دەنگێ بوو

بە پەیژەی
چنگی مەرگێکا
گەڕامەوە
لەبەر چراوگەی چاوتانا
گریانی ڕووباری ئەشکم
ژێر کردەوە
ئالأی تیشکم هەڵکردەوە
دەرگا لە ڕووی خۆر
دامەخەن

ئەم تفەنگە
نێرگزی زەردەخەنەیە و
عەشقی سەرچۆپی ی هەتاوە
لە ئاهەنگی
لوتکە و بناری دڵتانا
دەشرێخێنێ

ئەوەش
چەپکێ خوێنی زامتان
بۆ بەفراوی

بەژنی چیا
پێ دەکەنێ .

# خۆر

ئاسمان چاوی ئەبلەق بووە
تاوێ ! تەماشای خۆر دەکاو
تاوێ تارای
هەوری ئازیز ڕادەژەنێ :
هەوریش دەڵێ ی
ئەسپی شێ یە !
بە سەرمانا ! دەحیلێنێ
لە منالدانی ڕیژنەدا
چەخماخەییێک
هەورێکی بوو !
هەور وتی :
- چاوی « پیرەمەگروون » ماچ کەم ؟
« پیرەمەگروون »
ئاگای لە ڕازو نیازیان بوو
وتی منیش : عاشقێکم

لەوەتەی هەم
دڵداری لەگەڵ خۆر دەکەم .

# ..برووسکەی ساباڵاخ

لە شارێکا . . .
شپرزەیی پەساپۆرتە و
خۆزگـە . . .
ژنێکی نەزۆکە
لە کاسە سەری
سوڵتانا
هەردوو چاوی
هەڵکۆڵراوە
تارمایی
پرسەی دەنگێکە
لە قورگی
سیمرخێکایە
ئەم هەرێمە
لە مێشکی ڕێچکەی گریانا
چاوی هەڵهات

ئەی ئازادی
چراکانی لێری گەرووم
نانوونەوە
تەنیا بۆ لوتکەی مەشخەڵە
هاتوونەوە
ساڵەکانم
گەورە بوون و
لەسەرچۆپی
ئاگرێکا
چۆك
بەگوللەی فرمێسك
ئەدەن
ئیدی مردن
خۆی ناکوژێ
بەهەوراری
دەنگی خوێنا
هەڵدەزنێ
ئیدی هەناسە
باڵ دەگرێ و

نم
نم
بۆ « سیروان » و
« ورمێ » و
« وان » دادەکا .

# یاد

بیرمە کە زام
کاتێک گیتگلی پێ دەدام .
چاوی جوانی پەنجەرەکەم
هەموو شەوێ
بۆی دەڕوانیم
ناچار من بۆخۆم دەگریام
ئەویش دەیچرپان
بەگوێی بارانا
دڵم ڕاگرێ
کۆرپەی شیعریشم لە خۆشیانا
شنەشنی بوو .

# تەرمی پشکۆ

له زیندانی وشەکانا
تەرمی پشکۆ
بۆ برینی دەنگ دەگەڕێ
له منارەی خەونەکانا
پەنجەرەی
گەرووی گینگلێ
چرای ئاویستا هەڵئەکاو
گۆڕ بۆ هاوارێکی نەزۆك
هەڵئەکەنێ .

# گلەیی

یا ئەوەتا من پەتیارەم
یا ئێوە ؛ قژی ئاڵۆزی مەینەتیتان
دا ناهێنن !
وەرن ! چوار مێخەم بکێشن
شەو نخوونیم
شیوەنێکە
لە پرسەتانا ! دانیشتووە
شاعیرێکم
کۆرپەی حەزی خۆم نەدیوە
ماچی خۆزگەم ! هەڵوەریوە
ڕۆژێ دادێ
لە ئەرخەوانی گریانا
ناونیشانم مشتێ خۆڵە
هێندەی قەد پاڵی زمناکۆ
لالە دەگرێ !

# تانجەرۆ

وشەکانم : دورگەیەکن
بەباوەشی ئاسمانەوەن !
خەمەکانم کە ژان دەگرن !
بەبالی فریشتەکانا
دێنە بەستێنی تانجەرۆ
هەلدەنیشن
بە ناچاری
لە ئیوارەی نیوەڕۆما
هێشوە ئەستێرەی ماچەکان
دەڕێنمەوە .

# خاك

ئەو گوڵە ئیبلەی شیعرم بوو
سوجدەی نەبرد
بۆ تووترك و
دڵی بەپولەی نەڕەنجان!

لە ئاشتی هەناسەما
چەپكێ هەتاوی چنییەوە
بۆشەو نخونی زامێكم
هەڵگیرسان .

## دیوەنی

سەردەمێك بوو
کزەبایێك
لە ئێوارەی چرپەی ڕازا
دەبوە میوانی هەناسەم !
تەمەن ! لە دیدەنی گیانا
ژوانی باران و کێلگە بوو
دەستم : بوو بە ئەرخەوان و
لە شیوەنی : داستانێکا
کۆڕی بۆ سەیوانم گێڕا .

# وەڵام

ئەی پەری ئاسمانی ئەشکم
لەسەر سنگی ! هەرگریانێ
دەنکە گەنمێ ! بچێنە
ئەی ئەسپی ! ورشەی ئازارم
ئاوزەنگی ، هەوری زام بگرە
بەسەر کێڵگەی
لەرەی گیانا
بارانێکی
وام بۆ بێنە
شەوگار .. لە گۆماوی دەنگا
هەڵفرێنە
ئەوە ! گلێنەی چاوتانە
بە دیواری
کۆشکی شەوا هەڵواسراوە ،
بە پەیژەی هەناسەتانا هەڵدەگەڕام

بـه‌دوای ! گریانی سه‌رتانا بوومه ئارام
که به‌یانی
خۆر هاته‌وه
له گوندێکی
فرمێسکتانا
زه‌وی ئۆقره‌ی لێ برابوو
وه‌لام ؟ سه‌ری هه‌ڵگرا بوو ..

## تەمێکی قژ سوور

ئەو گوڵانەی
دەمی بەیان
گیانیان ئەدا
لە شەوانی
هەزار و یەکی سوڵتانا
بوونە تەمێکی قژ سوور و
لە گەردنی
شاژنی ئاڵان .

# چایخانە

زەردە بە گوێزەوە مابوو
دڵۆپێ ئەسرینی هەڵڕشت
بۆ سبەینێ
ئەسرین بوو بە چەپکێ هەورو
لە سەربانی چایخانەکە
بوو بە دووکەڵ کێشی گوێزە
کە دەپرسن لە چەخماخە
دەڵێ : حەزدەکەم هەناسەم
لە لانکەی خاکی ئەوینا
پەروەزدە کەم ·

# کاسە سەر

من شپرزەم
بە دوای کاسە سەری خۆما
وێڵم
لە شاری خەونی دەنگتانا
بم دۆزنەوە
لە ڕەشەبای
قەڵەمێکا
ئاڵای
زامتان داگرنەوە
پێتی ناونیشانی
چاوم
وەك تۆڕ
درا بە دەم
ڕووباری گڕەوە

من شپرزەم
برووسکەی مردن
دەبینم
بە دوای
کاسە سەری خۆما
وێڵم .


۱۸۳۷

١٨٣٧

شه‌پۆله‌کان
خۆشیان ده‌وێ
ڕووبار و بیابان و شه‌خته
شمشێری ڕۆژگار هه‌ڵکێشن !
ئه‌وساته‌ی خۆر
گوێی نا به‌ زه‌نگی زه‌ریاوه‌
فێری سروودی ئاسمان بووم !
من له‌ ناخما ! ڕووبارێکم
له‌ شه‌پۆلی تیشکه‌کانا
هه‌لە ده‌که‌م !
ئاسمانێکم
مانگ له‌ چاوه‌کانما هه‌ڵدێ !
ئه‌وساته‌ی خۆر
گوێی نا به‌ زه‌نگی زه‌ریاوه‌
فێری سروودی ئاسمان بووم !
هه‌رگی ئه‌مشه‌و

دەسپێرم بە دەستی بەیان
خۆ تاریکیش
ڕووناکی دڵی شاعیرە !
زامەکانم
لە دەرگای دەروونتان ئەدەن
هەناسەکەم
بۆ بارانی
دەنگتان دەژی
من « پووشکین »ی عاشقتانم
من ڕووباری زمانتانم !!

# تارمایی

شپرزەم و
شەوانە تارمایی خەمم !
پەنجەکانم .. مۆمی چاون
لەهەر گۆشەی شیوەنێکا
کز کز وەك مەینەتی ژینم !
دەتوێنەوە
شپرزەم و
لاپەڕەکان
دەبنە نیگای نائومێدیم
خۆ تا ئێستا نەم وت ئۆخەی
شەوانە تارمایی خەمم
ڕۆژانە هەنگاوی دەنگم
ئەی مەرگی سەرشێتم وەرە
چاوەڕێتم ..

# وەنگ

ئەی گۆڕستانی غەمگینم
چرکەی کاتژمێری ژانم
پێش تەمەنی
خۆم دەکەوێ
دەبا
هەر بڵێن ئازارە و
تەرمی
ئەم شاعیرە وێڵە
باڵای قەندیل
جێ ناهێڵێ .


سەيفى قازى

# سەیفی قازی

مایکرۆفۆنی
پەنجەم بەرن
بۆ هەرزامێك
گۆرانی
بۆ دەشت و چیا
دەڵێتەوە
بەفریکەم
بۆ پێڵوی
لوتکە دەژیم
هەناسەم و
تێشوی گیانم
مشتێ خەم و
ئەستێرەیە .


گرده هم خیار

# قەدەم خێر

بڕیاریان دا
به دیواری بڕینێکا
هەڵمواسن
دڵم لە گوندێکی سەرما
ئالآی قەڵەمێکی هەڵکرد
بڕیاریان دا
هەژار و نان
لێك دابڕێن و
وشە و گینگڵ
لە ڕووباری ژانەکانما
بخنکێنن
چاوم
لە ناو بێشەلآنی سنوورێکا
لە کێشوەرێك، تری
بەردا .

# گۆنا

نیوەڕۆ بوو
ئاوێنەیێك
بە باڵای خۆیا دەیڕوانی !
سەری سوڕما
ئەو ڕەنگانەی
لە گۆنایا .. ئاشنای یەك بوون
بوونە نامۆ !
تەنها دیوارەکەی ئەوبەر
ئاگادار بوو !
پێ دەکەنی ،
پرسی لە چوارچێوەی تەمەن
بە شەرمەوە
ووتی گیانە !
سروشت وایە
من زنیدان و تۆ ئاوێنە !

ئەو ڕەنگانەی
دەیان بینی .. هەناسەیەك
دەبنە میوانی چاوانت
ئیدی دەفڕن
نایەنەوە .

# دایکم

هەرچەند بەماتی دەڕوانیی
شالاوی ئاگری چاوم
درەختی
پرشنگی گینگڵ
ئەدا لە سێدارەی دڵم
پرچی دەنگم
لەسەر سنگ و بەرۆکی تەم
سۆراخی
ڕەنگی خۆر دەکا
توخوا دایە
پرسە بۆ ناوم دامەنێ
سبەی
بارانی وەرزی سوور
لە چاوی تانجەرۆی ئەشکا
گوڵی بەختەوەری دێنێ .

# کانی

ئەفسانە نیم
ئاوازێکم
«سروە» یە دەزگیرانەکەم !.
بپرسن لەو بنارانە
شەیدا کێ یە ؟
بۆ سەر بەردێ ماوە .. نەچم ؟
کانی ماوە .. من نەناسێ ؟
لە هەرەتی زنەی ژینا
نەخوێنم بۆی ؟!
گەر دنیا شەوە زەنگێ بێ
نۆتەی گۆرانیەکانیشم
لە یاد ناکا .
گەر بەهار لە رۆژ ژمێری
وەرزەکانا
خەزانێ بێ

لـێوی گەڵای زەردی وەرزم
دەبزوێنم .

# دەستی گەرووم

ئەی سەردەمی
تیخ و
بەستەڵۆکی برین
وەرە تەماشای
سنگم کە
پەنجەرەی
سامی هاوارە.
دڵم
رووباری
پرسیارە
بۆ چرای
دەنگتان دەگەڕێ
وەرە
دەستی گەرووم بگرە
لەشم

درەختێ گریانە
لە مشتێ دیلێکا
نوستووە
زامەکانم
چەقۆیان دا
لە سێ دارە
وەرە
تەماشای سەرم کە
گلێنەی
پەنجەی زریانە .

# مەمك

خۆزگە شاعیر
تەمێك دەبوو
سنگی دەنا بە کەژەوە
تا بزانێ
مەمکی ڕووبار
کەی دەبزوێ !
شەوێك دەبوو
بیبینیایە
باران چۆن بە ناخی خاکا
ڕۆ دەچێت و
چرکەی دڵی کانیاوەکان
چۆن لێ ئەدا !
خۆزگە شاعیر
پرسە دەبوو
لە شەونخونی خەمتانا

چرای ئۆقرەی دادەگیرسان
تا ئەو دەمەی
خۆی دەمرد و
لە کاروانی تەمەنتانا
جارێکی کە
دڵنیایی بۆ دەهێنان .

# درەختی چاو

وەرە .. ئەمشەو
عەشقم باخچەی خەندەیەکە
دسبەی
پڕە لە ئەستێرە
ئەی خانمە سەرگەردانەکەم
لەو ڕۆژەوە
لە ئازانسی نامۆیما
چرای شیعرم
داگیرساوە
درەختی
چاوی پرسیارم
ئەشکی گرتووە
تەمی داێمە و
لە پرچی پایز ئالاوە .. !!

# چراهه‌ڵكه‌ن

له‌ وه‌رزێكا
خۆشم ویستی
ژان و شیعرم
به‌ دوای چاوانتا ده‌گه‌ڕان
گڵۆپه‌كان
گوێیان لێ بوو
دیواره‌كان
چاویان لێ بوو
له‌ هێلانه‌ی
ئازارێكا
گریان
وا گۆرانی ده‌ڵێ !
فرمێسك
به‌ گۆنای سه‌رنجا
هه‌ڵده‌گه‌ڕێ

ئێوارە بوو
پایز .. مەمکی نابوە نێو دەمی خەمەوە
قەڵەمەکەم ! باڵی گرت و لە کەژاوەی
بارانێکا
دەستی نایە گەردنی شەو
چرا هەڵکەن
لە ڕۆژنامەی .. تەمەنتانا
زەنگی خەندە
هەڵواسنەوە !

# جۆلانەی فرمێسک

من ئەو کۆرپەیەم خۆش دەویست
تریسکەی
ئاڵتونی نەدی و
بۆ چل چرای
ئابڕوو تکاو
پێ نەکەنی
لە جۆلانەی
فرمێسکیا
خەونی بەنانەوە بینی .

# چاوەڕوانی

وتم دڵم
واخەریکە
پەنجەی قسەم
لە فەرهەنگی
داستانێکا
هەڵدەفڕێنێ!
وتیان فەرهەنگ
شمشێرێکە
کەللەی هاوار
دەپەڕێنێ!
وتم گەرووم
ڕووبارێکە
لە تۆفانی
ڕستەکانما
پێچی داوم!

وتیان تۆفان
بارا نێکە
حەزەکانمان
باوەشی بۆ
گرتۆتەوە !
وتم چاوم
چرایەکە
لە وێرانەی
ئازارتانا
وەك هەناسەم
هەڵدەلەرزێ !
وتیان چاوت
رەشماڵێکە
لە کەناری
هەژارانا
هەڵی داوە و
گوڵە گەنم
دەچنێتەوە !!



## سێوە

•

کسپەی ژانم
ئامبالای لە خوێن نیشتووە
نهێنی ی شار
لەناو ئازارما نوستووە
«ئەوە سەحەرە» .. دەوەرن
دیواری مێشکم هەڵچنن
بۆ لەم شارە
چەپکێ ڕووناکی دەبینن؟!
وەرن
ئەستێرەکەم وا هرد
قرتێلە لە پرچی شەو دەن
ئێستا کە من
ئێشکی زامەکانتان دەگرم
ئای لەم ئاوازە شکۆیە
لەگەڵ خۆما
لە دایك بوو

کەچی
وا بۆ دواجار دەڕۆم
تەرمی برسێتیم دەنێژم .

# جۆگەیەك

لەکاسەی سەرما
دارگوێزێك
جانتای زامی
پڕکرد لە دەنگ
بەسەرنجی هەتاوێکا
چووە سەرچاوەی
جۆگەیەك

لە تینواندا
گەرووی لە بەردێ
هەڵنووتا

نە دەنگ
گەیشت بە شەپۆل و
نە زامیش ئازاری شکا.

# دەرسیم

## بڵیجۆک

لە جێ ژووانی «پەری خانا»
ڕەوەی ئاسک .. هەڵۆی توێژاڵی ترۆپکن .
خۆر ئاگردانێکی دوورە
دڵی ناوەتە سەر دەستی و
چاو لە ڕووبار ناترووکێنێ
ئەوین شوناسنامەی گرەو
لە جەواڵی مەرگا دەرزێ .

## قەرم

ئەمشەو کزەبای ئازارم
پرچی خوێنی دەهۆنیەوە
شام دەلەرزێ
باران لەسەر تەمی کێڵگە هەڵنیشتبوو
شەو نەنووست و ئەستێرەکەم
هەر بێدار بوو .

# سونگی

ئەم ئاسمانە
نە دەریایە و
نە ئاسۆیە
مەشخەڵانی
چاوی خۆرە
دەمی ناوە
بەم خاکەوە
منیش دڵۆپێ
هاوارم
لە مەڵشوی
سونگیەکا
ئاگر دەگرم .

# زامێکی سەخت

تا گەردانەی
ئەستێرەکان
لە ورشەی پێکەنینا بن
ئاسمان
زیندووە و
« وان » و « سیروان »
دوو پشکۆی ڕەشەبای خۆرن
ئەو برینەی
بۆتە بێشکەم
لە زەماوەندی مردنا
گێلانی
خەنجەری سەرمە
لە بەر نێزەی لافاوێکا
ئەگرمێنێ .

# مەمکی ئەستێرە

بۆ گریەی لەرەی هاوارم
زمانم گرت
بۆ زامی دیواری دڵم
ئێشکی کیشوەری چاوم گرت
ئەی تۆ ؟!
ئەی گیانە سرەکەم
لە گۆی مەمکی ئەستێرەدا
لە دایك بوویت
ڕۆچۆ
بە ئازاری
درەختی فرمێسکا
لەگەڵ سروودی بارانا
بکەوە ڕێ .

# جەمال عیرفان

پەنجەرەی دڵ .. لە هەتاوی زامەکانم
دامەخەن و
بۆم بگەڕێن
هەناسەشم
هەوری گرە
بۆ سەرەتای ڕۆژێکی تر
ئەستێرەیە و
ئاڵا هەڵگر
ئەی ڕووبارە ئازیزەکە
زەویش وەک ئاسمان ڕووناکە
بمناسەوە
شەپۆلێکم دەریا لە باوەشی گرتووم
گوێم لە شەوە
لە کەژاوەی جریوە دا
پرسە بۆ باران دادەنێ

تا لە سامالی چاوتانا
تیفەی ئاهەنگی گەنم . . بێنێتەوە
گوێم لە زامە
بۆ ڕووناکی پەنجەکانم
گێنگڵ ئەدا
بۆم بگەڕێن . . بۆم مەگەڕێن
درەختی بووم . . چرۆکانم
لەکەناری بینینتانا . . چاوی پشکووت
دڵداری بووم
بۆ گوێی مەمکی حەونەکانم
گرم دەگرت
« بۆنی بەختیاریتان دەکەم »
پەنجەرەی دڵ . . لە هەتاوی زامەکانم
دامەخەن و بۆم بگەڕێن .


فرمێسکی بەفر

# فرمێسکی بەفر

دەستەکانم
دووکانیاوی بەرێی شەون
بۆ تاڤگەی هەتاوی
چاوتان
دەجریوێنن
لەزەماوەندی مردنما
هەر شەپۆلەو
بۆ زەریای خۆر.. فێری باڵ فرە دەبێ
وەرزیش .. فرمێسکی بەفرێکە
لەسەر .. ڕوومەتی هەناسەم
دەتوێتەوە!

## ئەڵوەن

هەزار ساڵە ئەم بارەشە دەلووریێنێ
گوێت لە شەو نییە
لە گومەزی چڕو دووکەڵێکا دەگری؟
باڵندەکان هەموو کەڕ بوون
بەتەمای نامەیەکی خوان!
هەزار ساڵە شووڵی تەزیوی کڕێوە
نەفرەت دەکا لە زستان و
تۆڕی مردن دەنێتەوە
هەزار ساڵە خەڵەو خەرمان
ئەدەین بە کۆڵی بەهارا
ئەسپی باران تاو ئەدەین و
بە دیواری سووری خەوا هەڵدەگەڕێین.

ـ نووسینەوە و خۆش نووسی :
هونەرمەند جەبار مەعروف محەمەد .

ـ تابلۆی بەرگ و تابلۆکانی ناوەوە :
هونەرمەند ئاری بابان .

ـ دەرهێنانی هونەری :
هونەرمەند سیروان جەمال فەرەج .

لە بڵاوکراوەکانی شاعیر :

١- ڕەهێڵە شیعر ١٩٨٣ .
٢- گەڵاڕێزانی ئەستێرە شیعر ١٩٩١ .

بەیارمەتی چەند هاوڕێیەکی شاعیر

چاپ کراوە ... جێی ڕێز و سوپاسن .

لەمکتب استنساخ دێکان

لەسلێمانی چاپ کراوە س

نرخی دوو دینار و نیو

# THE AUTUMN OF STARS

## MODERN KURDISH POETRY

BY

KURDO KARWAN

1991

# خريف النجوم

شعر

* كوردۆ كاروان *

١٩٩١